# پەیوەندی زمان بە دەق و ژانرە ئەدەبییەکان

د.ئیبراهیم عبد الرحمن
زانکوی گەرمیان - فاکەلتی زانستە مروڤایەتیەکان و وەرزش

## چەمکی زمان لەرووی بونیاد وپیکهاتەوە

یەکێك لە هەرە ديارو گرنگترین ئامانجەکانی زمان، گەیاندنە. بۆ گەیاندنی بیروباوەڕ و هەڵچوون و هەست و ئارەزوو، زمان ڕێگایەکی مرۆیی ناڕەمەکییە، کە بەهاوکاری کۆمەڵێك وێنە و ڕەمز و هێمای بەرهەمهێنراوی خۆویستەوە ئەنجام دەدرێت. هەرچەندە ئەو وێنە و هێمایانە لە پرۆسەی بیستندا، ئەندامەکانی ئاخاوتن بەرهەمیان دەهێنن، بەبێ ئەوەی بنەمایەکی ڕەمەکی لە ئاخاوتنی مرۆڤدا هەبێت. تایبەتمەندی دەربڕینی زمان ئاکارێکی هەروا بێ بەرنامە نییە، بەڵکو دروستکراوی مۆرکێکی دەلالییە، کەدلولیش وەك ڕایەڵێی دەرەکی لەو دەربڕین و گوزارشتەدا جیا دەکرێتەوە.

ئەوەی لەسەرەوە خرایە ڕوو، بۆ ئەوەیە تا بڵێین: "بونیاد و پێکهاتەی زمان، دیاردەیەکی تایبەتە و جیاوازە لەگەڵ ئاماژەگەلی پێشووتر، چونکە زمان لەناو خودی خۆیدا ئامانجە و هێمای شتێك نییە بتواندرێت وازی لێ بهێنرێت، لەبارێکی ڕەمزی بۆ حاڵەتێکی پێکهاتە"(١) .

کەواتا لێرەدا ئەو پرسیارە گرنگە سەرهەڵ دەدا، لەوەی: ئاخۆ چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان زمان و دەق و ژانرە ئەدەبییەکاندا؟ بەڵام پێش ئەوەی باس لەو پەیوەندییە بکەین، کە زمان بە دەقی ئەدەبی و ژانرە ئەدەبییەکانەوە دەبەستێتەوە، پێویستە جیاوازی لەنێوان زمانی ئەدەب و زمانی زانست و زمانی ئاسایی (واتا: زمانی قسەکردنی خەڵك)دا بکەین.

بە سەرنجدانێك لە زمانی شیعر و زمانی زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە "زمانی ئەدەب، زمانێکی ئاڵۆز و تەمومژ دێتە بەرچاو، هەروەها یەکانگیری و یەکگرتوویی لە زمانەکەدا بەدی ناکرێت، چونکە هەر نووسەرو شاعیرەی بە یەك هزر و پێوەرێکی ڕەهایان لە بەردەستدا نییە و هەریەکەی پابەند دەبێت بەجۆری بیرکردنەوەی و بیرکردنەوە نانووسن خۆی، ئەمە جگە لەوەی کە زمانێکی واتایی و هزری و ڕەمزییەتەو زیاتر لا دەکاتەوە بەلای جوانیو ئیستاتیکدا، کەچی زمانی زانستی و لێکۆڵینەوەی زانستی سەرەڕای ئەوەی زربەی هێما و ڕەمزە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم زمانە تاڕادەیەك جێگری و پێوانەیەکی ڕەهای هەیە، هەستی جوانکاری و لایەنی هونەری پابەند نین بەم زمانەوە، چونکە ئاشکراکردنی ڕاستییە زانستییەکانی ژیانە و ئەوەندەی گرنگی بە ناوەڕۆکەکە دەدرێت، ئەوەندە گرنگی بە لایەنی هونەریو گراماتیکی نادرێت"(٢).

بێگومان ئەم جیاوازییەش لەمێژەوە جێگەی تاوتوێکردن بووە، هەربۆیە دەبینین "ئەفلاتۆن لە کۆمارە خێرەومەندەکەیدا، دوای هەڵوێستێکی دژوار لە ئاست دەقی شیعری و پایەی شاعیراندا، دواجار بۆ پاساوی هەڵوێستی خۆی، دان بەوەدا دەنێ، زمانی شیعر سۆز و سیحرێکی ئەوتۆی تێدایە، کار لە دەروونی مرۆڤ دەکات و لە بارێکی زۆر تەنگەتاو و ناهەمواردا دەیهەژێنێ و دەیورووژێنێ و خوێنی دێنێتە کوڵ... هەروەها ئەرستۆتاڵیس زمان دەکات بە بنەمای شێواز و شێوازی تایبەتی داهێنان لای نووسەر دەسازێنێ. هۆراسی ڕۆمانی، زمان وەکو درەختێکی باڵابەرز

دەبینیٚ و پێیوایە، بەردەوام گەلا و چرۆی تازە دەردەكات و دەبیٚ شاعیر هێندە داهێنەر بیٚ بەدوای وشەی جواندا بگەڕیٚ و ڕۆحی سەردەمەكەی خۆی بنوێنیٚ..."(٣) ، ئەمەو (ئەرستۆ)، لە پێیوابوو، كە "زمانی شیعر تایبەتە بە شاعیرەكە خۆی، لەتوانایدا هەیە، كە بەشێوەیەكی جیاواز لەشێوە ئاساییەكەی خۆی بەكاری بهێنێت، بەمەرجێك شاعیر خودان لێهاتوویی‌یەكی لە ڕادە بەدەر و شارەزاییەكی تەواو بێت لەبەكارهێنانی وشە و دەستەواژەكان و شوێنیٚ بەكارهاتنیان(٤).

لەلایەكی ترەوە نووسەر و شاعیر لە كردەی داهێنانی ئەدەبیدا، هەوڵی بەرجەستەكردنی ئەو دیمەن و ڕووداوانە دەدەن، كە ڕۆژانە بینیویانە، بۆیە نووسەر "بەهۆی ئەو زمانەی لە بەرهەمهێنانی دەقدا بەكاری دێنیٚ لە زمانی ئاخاوتن و ڕۆژانەی خەڵك دوور دەكەوێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەبیٚ بەدوای مانایەكی دیكەدا بگەڕیٚ بۆ ئەو وشەو زاراوانەی ڕۆژانە خەڵك بەكاری دێنیٚ، بە ئەندازەی دووركەوتنەوەی نووسەر لە زمانی ڕۆژانە، لە زمانی نووسین نزیك دەبێتەوە، بە ئەنجامگەیاندنی كردەی ئەدەبی و داهێنان، كردەیەكە لەنێو زماندا دێتە دی"(٥) .

كەواتا ئەگەر زمان لای خەڵكی هۆیەك بێت بۆ دەربڕین و لەیەكترگەیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕاكان، ئەوا لای نووسەر و شاعیر بریتییە لە شێوەیەكی دیكەی گوزارشت و دەربڕینێكی جیاوازترەو هەڵگری تایبەتمەندی و خەسڵەتی دیاری خۆیەتی، بەو مانایەی زمانی ئەدەب خۆی لە سادەیی و ساكاری ڕزگار دەكات و دەسەڵاتی نووسەر بەسەر زماندا دەچێتە ئاستێكی باڵاتر و پێوەندییەكی جیاوازتر لەنێوان زمان و عەقڵ و خەیاڵدا دێتە كایەوە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، كە پەیوەندی زمان بە دەق و ژانرەكانی ئەدەبەوە، پەیوەندییەكی جیاوازە لەوەی كە لەژیانی ئاساییدا هەیە و ڕۆژانە ئێمە مامەڵەی دەكەین، هەر بۆیە پەیوەندی نێوان زمان لەلایەك و دەق و ژانرە ئەدەبییەكان بەگشتی، یەكێكە لەو بابەتە هەستیارانەی كە هەمیشە تیۆری ئەدەبی و ڕێبازە جیاجیاكانی ڕەخنەی ئەدەبی، بەگرنگییەوە لێیان ڕوانیوەو بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ كردووەو تیشكیان خستووەتە سەر، چونكە "پێكهاتەی دەق و زمانی داهێنان، بریتییە لە دەورێكی تری دەق و گۆڕانكاری دیاردە زمانییەكان لە مێژوودا، بەواتایەكی تر هەر دۆخێكی مێژوویی ڕێگا بۆ شێوازی نوێی داهێنان خۆش دەكا"(٦)، بۆیە هەمیشە دەگوترێ، "زمان ڕۆحی ئەدەبە، دەقی جوانیش هەمیشە بە زمانەوە جوانە، لە داستانی گلگامێشەوە بگرە تا دەقە كراوەكانی ئەمڕۆ، هەرچەندە ڕۆژگار دەڕوا، بە هەموو پێوەرێكی ڕێبازە ڕەخنەییەكانەوە، هەرگیز نەیانتوانیوە نكوڵی لە ڕۆڵی زمان لە هاوكێشەی داهێناندا بكەن"(٧).

وەك ئاماژەمان پێدا، ئاخاوتن وێنەیەكی بنەڕەتی و بەراییە لە زمان، چونكە ڕاستەوخۆ مەبەست و بیركردنەوەی قسەكەر دەگەیەنیٚ، بەو مانایەی ئەو وێنەیەی قسەكەر دەیدا، یەكسەر دەكەوێتە نێوان دەرككردن و داهێنانەوە، بۆیە "لەنێوان زمان و ئاخاوتندا نێوەندێك هەیە پێیدەڵێن: خەیاڵ، داهێنانی ئەدەبی بەشێوەیەك لە شێوەكان سەر بەو خەیاڵەیە، بەڵام لەلایەكی ترەوە هەبوونی خەیاڵ نە سەر بە نووسەرە و نە سەر بە نووسین، وەك چۆن هەوڵێكیش نییە بۆ بڕواپێكردن، بەڵكو توانای ڕۆشنكردنی وێڵگەكانی لەخۆدا هەڵگرتووە..."(٨)

هەربۆیە "كاتێك كاری ئەدەبی دەبێتە كردەیەكی تاكەكەسی و تایبەتی، كە نووسەر ئەو مامەڵە لەگەڵ زماندا نەكا، كە خەڵك ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەكا، ڕاستە نووسەر هەمان وشەی زمانی ڕۆژانە و ئاخاوتن بەكار دێنیٚ، بەڵام نووسەر لەكردەی داهێناندا بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی بە

ئەندازەی شارەزایی و باڵادەستی نووسەر بەسەر خەیاڵ و جوانکاری و یاریکردن بە وشە تایبەتمەندی و کاری تاکەکەسی خۆی دەسەلمێنێ و لە ئاسۆیەکی دیکەوە دەڕوانێ و ڕوانگەیەکی دیکە دەدۆزێتەوە بۆ پەیوەندیکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ژیان و بوون و دیاردەکاندا، نایەوێ ئەوانەی پێش خۆی گوتویانە دووبارەیان بکاتەوە.(٩)

هەڵبەت ئەم هەموو کارلێك و پێوەندییەی کە زمان لەگەڵ دەقدا دروستی دەکات، هاوکاتە بەو کاریگەرییانەی کە بەسەر ناوکۆی ژانرە ئەدەبییە جیاجیاکانەوە هەیەتی، واتا ڕۆڵی زمان لە دەقێکی شیعری و هەروەها لە دەقی چیرۆك یا ڕۆمانێکدا، تەریبە بە پرۆسەی بەدەقبوونی ئەو شیعرە یان چیرۆك و ڕۆمانەکە، چونکە ڕاستە بنیاتی دەقێکی شیعری جیاوازە لە هی چیرۆك یان ڕۆمانێك، بەڵام دواجار سیفەتە ئەدەبییەکانی دەقبوونی هەر ژانرێك پەیوەندی بە بنیاتی دەقەوە هەیە لە زمانی ڕووکەشی دەق و زمانی پاشانیش زمانی چاراوەی دەقدا.

زمان و ئەدەب بەگشتی، لەسەر یەك بابەت دەدوێن و ئەویش بوون یان جیهانە، بەڵام ئەم دوو دیاردەیە هەرکام بەشێوەی تایبەتی خۆیان ڕووبەڕووی ئەم بوون و جیهانە دەبنەوە. ڕەخنەگری ناوداری ئێرانی (هەقشناس) لەم بارەیەوە دەڵێ: "زمان بەشێوەی یەك سیستم ڕووبەڕووی بوون دەبێتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەیەك، کە تەنیا لەسەر بناغەی سیستمی زمان دادەمەزرێ، واتا ئەوەی لەم چەشنە ڕووبەڕووبوونەوەیەدا، زمان وەك ئامرازێك بۆ دۆزینەوەو ناسینی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بوون و پێوەندییەکانی نێوان ئەم ڕەگەزانە بەکاردێ، کەچی ئەدەب بەشێوەیەکی دوو سیستمە ڕووبەڕووی جیهان دەبێتەوە، کە بریتین لە: سیستمی زمان و سیستمی ئەدەب"(١٠) کەواتا بوونی ئەدەب بە بوونی ئەم دوو سیستمە بەستراوەتەوە، بەم چەشنە سیستمی ئەدەب و ئەو جیهانە خەیاڵاوییەی دەیخوڵقێنێ لە ڕێگای سیستمی زمانەوە خۆی دەنوێنێ.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەی (هەقشناس)دا، دەکرێ بە کورتی بڵێین: بۆجیاکردنەوەی جۆرەکانی زمانی ئەدەبی لەیەکتری دەتوانین سوود لە سێکوچکەی (هۆنراوە، پەخشان، شیعر) وەربگرین، ناوبراو پێوەندی نێوان ئەم سێ ژانرە ئەدەبییە لەسەر بنەمای دوو چەمکی (ناوەکی)و (دەرەکی) دادەمەزرێنێ و پێیوایە، کە هۆنراوە (نظم) لەسەر کۆڵەکەی دەرەوەی زمان و شیعر لەسەر کۆڵەکەی ناوەوەی زمان ڕاوەستاوە. مەبەستیشی لە دەرەوەی زمان ڕواڵەت و تێکڕای پێکهاتە غەیرە واتاییەکان و بەتایبەت پێکهاتە دەنگییەکانی زمانە، وەك: کێشی عەرووز، سەروا، تەرجیع و جیناس و ... ئەم تایبەتمەندییانە لە گەمەی دەقی زماندا بەشدارن و گەوهەری هۆنراوەن. هەروەها مەبەستیشی لە ناوەوەی زمان ئەو ڕەگەزانەن، کە بنەمایەکی واتاییان هەیە. لێرەدا شیعر دەبێتە بەرهەمێکی ئەدەبی و لەڕێگای دەستێوەردان لە جیهانی واتاوە دەخوڵقێ، ئەو ئامرازانەی کە شیعر بەرهەمدێنن، لە گەمە واتایی و ناوەکییەکانی زماندا بەشداری دەکەن، کە بریتین لە: لێکچواندن، خوازە، درکە، خواستن و... هتد، بەڵام پەخشان جۆرێکی یان ژانرێکی تری زمانی ئەدەبییە، کە نە لەسەر کۆڵەکەی دەرەوەو نە لەسەر کۆڵەکەی ناوەوەی زمان وەستاوە، بەڵکو بەتەواوی لە نێوەڕاستی زماندایە.(١١)

لە چیرۆك و ڕۆماندا کاری بیرکردنەوەو بەخولیابوون و گرفتاری بوون زەینەییە و شەکەتی و ماندووبوونێکی گەورەی دەوێ، کاتێك نووسەر بیر لە ڕەنگدانەوەی کێشەکان دەکاتەوە لەسەر کەسایەتییەکان، ئەم جۆرە ڕۆچوونەی بیرکردنەوە لە کێشەیەکی سروشتی و مرۆیی و بوونییە،

هەروەك ئەو بیرە سەرەتاییە بەمێژوونەکراوانەن، کە هیچ بوون و بنیاتێکیان نییە، ئەو هۆکارە سەرەتاییانەی نووسینن، کە نووسەر بەرەو هاندان و جۆشپێدان دەبەن بۆزیاتر کاملکردن و دەوڵەمەندکردنی(١٢)، ئەمەش وەکو ژانرێکی دیکەی هونەرەکان نییە، بەڵکو هاوژیانی و هاوڕازی و هاوسۆزییەکی بەردەوامە لەگەڵ کێشەیەکدا، کە نووسەر باوەڕ بەخۆی دێنێ، کە ئەم کێشەیە لە هەڵسەنگاندن و تێڕوانینیدا شوێنی بایەخ و گرنگی پێدانە و پاشانیش دۆزینەوەیەکە لە تێگەیشتندا.

ئەم مانایانەی سەرەوە یان ڕووکەشی زمانی دەق، هۆکاری نووسین و گەوهەر و مانای ڕەهای دەق لەخۆیاندا ناگرن و ئاشکرای ناکەن، بەڵکو ئەو مانیانە لەم دەورەیاندا دەچنە چوارچێوەی چەندین بنیاتی سادە و ئاڵۆزی داڕشتنی زمان و چۆنێتی بەکارهێنانیانەوە لە بۆتەی بنیاتەکانی تری دەقدا.

بەم مانایەش شێوەی چۆنێتی نووسین، شێوەی چۆنێتی داڕشتن و پاشان بنیاتنانی مانا دەبێتە تاقە پەیوەستێکی گرنگ لە نووسینی دەقی ئەدەبیدا، هەروەها دەبێتە ئەو ڕێگەیەی کە بەهۆیەوە ئێمە بتوانین پەیوەستی نێوان گوتراوە ئاشکراکراوکان و نەگوتراوە ئاشکرانەکراوەکان بدۆزینەوە، کە گرنگترین ڕەگەزی بەرجەستەبووش لەم خوێندنەوەیەدا بیرکردنەوە و چوونە سەری هۆکارەکانی نووسین و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی داڕشتن و بەبنیاتکردنە بەجۆرێك لە جۆرەکانی تر.

پرسی بنەما یان بنیاتی دەرەکی و ناوەکی، یا ئەوەی پێیدەوترێ بنیاتی شاراوە و ئاشکرا یا ڕووکەش لە زمانی ئەدەبیدا، پەیوەندی بە چرکەساتی خوێندنەوەی ڕەخنەییەوە هەیە، واتا کاتێك لە خوێندنەوەدا ئەو بنیاتانەی مانا لە بنیاتە شاراوەکەی جودا دەکرێتەوە و خوێندنەوە ناتوانێ بگاتە سنوورەکانی بنیاتی نەزانراو. مردنی زمان و ماناکانی لە بنیاتی ڕووکەشی دەقدا ئەو ڕاستییە ڕەت نەکراوەیە، کە پەیوەستە بە سروشتی بیرکردنەوەی مرۆڤ و سروشتی ماناکانی بوون، پەیوەستە بەوە هەموو ئەو شتانەی یا وردتر، هەموو ئەو مانایانەی دەربڕینیان لێ دەکات لە گەوهەری خۆیاندا لەژێر کۆمەڵێك پاساو و ڕاستی یاریکراودا دەبن، وەك بنیاتی ڕووکەش، بەڵام هەمان ئەم ڕاستی و پاساوانە لەپێناوی مەبەست و هۆکاری دیکەدا نووسراون، کە تەنیا نووسەر لەنێو دەقدا هەروەها لەنێو بیرکردنەوەکانی خۆیدا دەیپارێزێ.

لە بنیاتی ڕووکەش و شاراوەی دەق، زمان کاتێك لەم دەورە دەکەوێ، لە ئاستە داهێنەرەکەشی دەکەوێ، بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە دەق هەیە زمانێکی نائارایشتکراو و نادەوڵەمەندی هەیە لە وشەو مانادا، بەڵام جیهانبینییەکی قووڵی بۆ بیرکردنەوە هێناوەتە ئاراوە، کەواتا ئاستی بەدەقکردن لە زماندا بەم تێگەیشتن و بەم پێوەرە، ئاستێکی ڕەخنەیی نییە لە خوێندنەوەو بەدەقبووندا، بەڵکو استێکی دیکە هەیە بۆ تێڕوانیمان لە کێشەی بەدەقبووندا، زمان و سروشتەکەی بەچۆنێتیێ بەکارهێنانیدا دەورێکی بنیاتنەر و هەروەها بێلایەنیشی هەیە.(١٣)

بەدیوێکی تری ئەم تێگەیشتنەدا، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە پێکهێنانی دەربڕینی ئەدەبی بەڕێکەوتنی تیۆرەکان، لەسەر توانای داهێنەر دەوەستێ، لە قۆناغەکانی وشە فەرهەنگییەکاندا لەهێنانی وشەکانی گفتوگۆ، کە هەڵگری ئەو دەقە پێشنیازکراوەیە لە بیرو هۆشدا، ئەمەش پشت بە ڕابەندکردن و حوکمی هەستیاری ئەدیب دەبەستێ لە دەستپێکردن بە هەڵبژاردنی ئەو وشانەی کە چەند بارودۆخێك بەسەریاندا حوکم دەکەن... لێرەوە جیاوازی لە ژانرەکاندا دروست دەبن، واتا

ڕۆشنبیری و فەرهەنگی واتایی، تا حوکمکردن بەسەر پێکهاتەی ڕستە واتاییەکاندا هەروەها بە جیاوازی ئامرازەکانیان و ڕێوشوێنی هەڵبژاردنیان بۆ ئەو وشانەی کە گوزارشتی پێدەکەن لە شتەکان هەروەها باڵادەستی فەرهەنگی واتایی بە قوڵبوونەوە لە دەربڕینی وشەکاندا و پاکسازی تیایاندا و هەڵبژاردنی ئەو وشانەی کە ئاواز و مۆسیقایەکی تایبەتییان هەڵگرتووە.(١٤)

زمان لە دەقدا و دواجاریش بە شۆڕبوونەوەی بۆ نێو ژانرە جیاجیاکانی ئەدەب، بوونێکی نیمچە چەسپاوی هەیە لە تاکەکانی وشە و زاراوە و ڕستەکانی دەربڕین لێکردندا، هەروەها لە هاومانایی و وشە لێکچووەکان و ڕێزمان و تارادەیەکی چاکیش لە ڕەوانبێژی و چەند و حیکمەت و ئیدیۆمدا، بەڵام قەتاوپەت لەباری هەڵوەشاندنەوە و بنیاتنانەوەی مانادا ئەو بارە چەسپاوەی نییە، بەڵکو تەنیا پشت بە تواناکانی نووسەر دەبەستێت، کە چۆن زمان بەکار دێنێ.

لەم بەستێنەشدا ئەو تێڕوانینە جیاوازانەی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان، لەهەمبەر زمان لە کایەی دەق و ژانری ئەدەبیدا، دێتە کایە و سەرهەڵدەدا. واتا تێڕوانینی جیاجیا بۆ زمان هەیە، لە چوارچێوەی ڕێبازەکانی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم و سوریالیزم و... هتد، هەریەکەیان ڕامانی خۆی بۆ زمان دەربڕیوە، ئەوەتا "ۆردرۆرس، فەرهەنگی دەوڵەمەندی زمانی گوندەکان و هەڵبژاردنی وشە ڕەسەنەکان بۆ گوزارشتکردن لە خەیاڵی داهێنەرانە بە هۆکاری سەرەکی مانەوەی دەقی نەمر دەزانێ، کلاسیزمەکان پێشتریێ لە ڕوانگەیەکی ئابوری و سیاسییەوە دەیانڕوانی و لایان وابوو زمان سادە و ڕەوان بێ، فرەواتایی و فرە شیکردنەوەی جوداواز بەخۆوە هەڵنەگرێ و ڕۆحی یاخیبوون و خۆڕاپسکان دروست نەکات و هەمیشە نووسەری دەق خۆی بەخزمەتکاری دەسەڵات بزانێ"(١٥) بەو مانایەی زمانی بەلایەنی ڕەخنەی کلاسیکییەوە خۆی لە پێوەرێکی فەرهەنگسازی نووسەر و زۆری وشەی نوێ و پاراویی لە دەربڕین و بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی دەبینییەوە، بە بزرکردنی پرسیاری گەوهەری لە دەق، ئاخۆ ئەو زمانە چ جیهانێك لە بیر و داهێنان لە پشتەوەیەتی، بەبێ پرسیارکردن لەو بنیاتانەی کە جیهانبینی نووسەر هێناونییەتییە کایە، چونکە ئاشکرایە، کە دەق هەیە بەجوانترین ڕستەی زمانەوانی و وێنەی دەربڕین لە حاڵەتێکی بەهێزی جیهانبینی نووسەر، واتا تێڕوانینی نووسەر ناکات بۆ دەرەوەی خۆی و بۆ هەموو کێشەکانی دەرەوەی خۆی"(١٦)، هەروەك سەرنج دەدەین، کە لە ڕەخنەی کلاسیزمی کوردیدا جوانی و دەوڵەمەندیی ڕستە ئاماژەیەکی بەهێز بووە بۆ سەرکەوتنی دەق، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا زمان و هەژاریی دەربڕین و بەرامبەر بەمەش دەوڵەمەندی دەربڕین تەنیاوتەنیا پشت بە نووسەر دەبەستێت لەچۆنێتی دەربڕینی دیاریکراو.


ئەم دیاردەیەش پێمان دەڵێت: زمان نابێتە ئەو هێزە کراوەیەی دەربڕین لێکردن، کە لەتوانایدی بێت شان بەشانی تێڕوانینی نووسەر پەرە بسێنێ لە خوڵقاندنی یان گەیاندنی مانا و بنیاتەکانی دەق بە ئاستی دووسەرەبوونێکی داهێنەرانە.

ڕەخنەگر و ڕاڤەکارانی دەقی ئەدەبی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە، وەکو هێما و سیمبولێك ئاماژەی پێ دەکەن و لەچوارچێوەی ئیستاتیکا بۆی دەڕوانن و تەنانەت بەلای ڕێبازەکانی بنیاتگەری و سوریالیزم و هەڵوەشاندنەوەی دەق، زمان هەموو شتێکە و هەر وشەیەك بۆ خۆی چەندین واتای جیاواز هەڵدەگرێ و دەنگەکان لەنێوان ئاستەکانی فۆنۆلۆژی و سیمانتیکدا

سنووری ڕاستەقینەی خۆیان دیاری دەکەن و زۆرجاریش وەکو نهێنییەم وایە و چەندین خوێندنەوەی جیا وەردەگرێت.[١٧]

هەموو ئەوانە خرانە ڕوو، لەوەدا کۆدەبنەوە، کە ئاخۆ دەبێ ئەم پەیوەندییەی زمان بە دەق و ژانرەکانەوە لەچ ئەرکێکدا خۆی بنوێنێ، دیارە بۆ ئەمەش چەندین بۆچوونی جۆراوجۆر لەکایەدا بوونیان هەیە، "مارتێنی و هالیدەی و یاکوبسن، سێ زمانناسی سەر بەکێشەی ئەدەب بوون، کە چوارچێوەی ئەرکەکانی زمانیان بە وردبینییەوە دارِشت"[١٨].

ئێمە لێرەدا بەپێی گەلاڵەکەی (یاکوبسن) بەگشتی و بەکورتی باسی ئەرکەکانی زمان دەکەین، ئەو ئەرکانەی کە لەڕێگەیانەوە پەیوەندییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی زمان، چ لە ئاستی دەرەکی و چ لە ئاستی ناوەکیدا، بە بنیاتی دەق و ژانرە ئەدەبییەکانەوە دەستنیشان دەکەن. (یاکوبسن) بۆ پێشکەشکردنی ئەم گەلاڵەیە خشتەیەکمان دەخاتە بەردەست، ئەم خشتەیە پیشاندەری ڕەوتی وەدیهاتنی پێوەندی گوتارییە لەڕێگەی زمانەوە:




وەك دەبینین لەم خشتەیەدا بنێر پەیامێك بۆ وەرگر دەنێرێ، بابەتی پەیامەکە دەبێ هەڵگری مانایەك بێ، ئەگینا پەیامەکە کاریگەرێتی لەسەر وەرگر نابێ. ئەنجا پێویستە بنێر ڕەمزێك بۆ پەیامەکەی لەبەرچاو بگرێ، هەتا ئەو ڕەمزە لەلایەن وەرگرەوە بخوێندرێتەوە، دواجار ئەگەر پەیان لە بەستێنێکی فیزیکییەوە تێنەپەڕی، ناگاتە وەرگر.

بەباوەڕی (یاکوبسن) ئەم شەش پاژە پێکهێنەرەی پرۆسەی پێوەندی زمان بە دەقەوە، بریتیین لە: بنێر، وەرگر، بەستێنی پێوەندی، ڕەمز، پەیام، کە لەکۆی گشتیدا شەش ئەرکی زمان دابین دەکەن، کە بریتین لە[١٩] :

١. ئەرکی سۆزمەندی (Emotive Function): لەم ئەرکەدا زمان ڕووی پەیام لە بنێرە، ئەم ئەرکە پیشاندەری هەستی تایبەتی بنێرە، جا چ بنێر بەڕاستی هەناوی لەو هەستە سەرڕێژ بێ چ هەروا بنوێنێ، کە خاوەنی ئەو هەستەیە، بەوتەیەکی تر لەهەر شوێنێ بنێر باسی خۆی بکا ئەرکی سۆزمەندی زمانی بەکارهێناوە. مارتێنی ئەم ئەرکەی بە (قسەی دڵ) ناوبردووە، وەك: (ئای چەندم خۆشدەوێی).

٢. ئەرکی هاندەری (Referential Function): لەم ئەرکەدا، ڕووی پەیام لە وەرگرە، لەکاتی بانگکردن، یا دەستوەردان بەکەسێك ئەم ئەرکەی زمان خۆ دەنوێنێ. یاکوبسن دەڵێ: ناتوانرێ ڕاست یان ناڕاستبوونی ئەم چەشنە ڕستانە دیاری بکرێ. وەك: (ئەم ژوورە خاوێن بکەوە)، یان (خوایە گیان)، بە وتەیەکی تر، لەم جۆرە ڕستانەدا سەرچاوەیەك بەدی ناکرێ تا بۆ سەلماندنی ڕاست یان ناڕاستبوونی ڕستەکان بگەڕێیتەوە سەری.


٣. ئەرکی گەڕانەوەیی (Referential Function): لەم ئەرکەدا، ڕووی پەیام لە بابەتی پەیامە، دەکرێ لەڕێگای دەوروبەر و ژینگەی ئەو وتە و ڕستانەی کە خاوەن ئەرکی گەڕانەوەیین ڕاست و ناڕاستبوونیان بسەلمێنرێ، چونکە ئەم وتانە، لە بنەڕەتدا وتەگەلێکی هەواڵدەرانەن، وەك: (دوێنێ باوکم لە سەفەر گەڕایەوە)، یان (بڕیاروایە هەفتەی داهاتوو میوانمان بێ)، یاکوبسن لەسەر ئەم خاڵە پێدادەگرێ، کە جیاوازی نێوان ئەرکی گەڕانەوەیی و ئرکی هاندەری زمان لەڕێگەی ئیمکنی سەلماندنی ڕاست و ناڕاستبوونی وتەکانەوە دیاری دەکرێ، بەمشێوەیە، کە تێکڕای ڕستە هەواڵدەرییەکان خاوەن ئەرکی گەڕانەوەیین.

٤. ئەرکی ئەودیوزمانی (Meta Language Function): ئەو کاتەی بنێر یا وەرگر، یان هەردووکیان پێکەوە، واهەست بکەن پێویستە لە هاوبەشبوونی ئەو ڕەمەزەی کە کەڵکی لێوەردەگرن دڵنیابن، پەیام ڕووی لە ڕەمز دەبێ. ئا لەم دۆخەدایە، کە زمان بۆ قسەکردم لەسەر خودی زمان بەکار دەبرێ. بەوتەیەکی تر لەڕێگای کارکردی ئەرکی میتازمانییەوە ئەو واژانەی بەکار دەبرێن، ڕاڤە دەکرێن. ئەرکی ئەوپەڕزمانی زیاتر لە فەرهەنگەکاندا دەبینرێ. بۆ نمونە لە فەرهەنگی (هەمبانەبۆرینە)ی مامۆستا هەژاردا هاتووە: (میمك: خوشکی دایك)، ئەمە نمونەیەکە لە بەکارهێنانی ئەرکی ئەوپەڕزمانیی زمان.

٥. ئەرکی هاودڵی (Phatic Function): لەم ئەرکەدا ڕووی پەیام لە بەستێنی پێوەندییە. بە گوتەی یاکوبسن مەبەستی هەندێ پەیام ئەوەیە، کە پێوەندی بەدی بێنن، هەندێکی تر دەبنە هۆی درێژپێدانی پێوەندی، دەستەیەکی تر هەن هەر بۆ ئەوەی لە توانایی و کارکردی بەستێنی پێوەندی دڵنیا بن. بۆ نمونە: کاتێ کەسێك بە کەسێکی تر، لە گەرمەی گفتوگۆیەکدا، دەڵێ: (کاکە لێم تێگەشتی)، مەبەستی ئەوە نییە پرسیارێکی زەق بکا، تا کەسی بەرامبەر بڵێت: (بەڵێ کاکە لێت تێگەشتم)، بەڵکو مەبەست لەوەیە، کە لایەنەکەی ڕووبەڕووی لە ڕەوت و درێژەی گفتوگۆکە ئاگادار بکاتەوە. لێرەدا ڕستەی (کاکە لێم تێگەشتی)، ئەرکی هاودڵی زمان لە ئەستۆ دەگرێ.

٦. ئەرکی ئەدەبی (Literary Function): لەم ئەرکەی زماندا ڕووی پەیان لە خودی پەیامە، لەم دۆخەدا پەیان دێتە ناوەندی سەرنجی پێوەندییەوە. یاکوبسن پێیوایە لێکۆڵینەوە لەم ئەرکەی زمان بەبێ لەبەرچاوگرتنی کێشە گشتییەکانی زمان، بەرهەم و ئاکامێکی ئەوتۆی نابێ و لەلایەکی ترەوە لە زمان کۆڵینەوەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی ئەرکی شیعریی زمانە. یاکوبسن دەڵێ: ئەرکی شیعریی زمان هەر بە ژانری شیعریی نابەسترێتەوەو لە چوارچێوەی ئەرکی شیعریی زماندا چڕنابێتەوە، بۆیە واباشترە لەبری دەستەواژەی (ئەرکی شیعریی) دستەواژەی (ئەرکی ئەدەبی) بەکاربێنین، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە، کە (مارتێنی) بە (ئەرکی جوانی خوڵقێنی) ئاماژەی پێدەکا.

بەمشێوەیە و لێرەدا ئەتوانین لەسەر بنەمای بۆچوونی (یاكوبسن) خشتەی دووەم بخەینە ڕوو، كە ئاوێتەیەكە لە ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی پرۆسەی پێوەندی زمان بە دەقی ئەدەبییەوە، كە بێگومان هەر دەقێكی ئەدەبییش خۆی لە چوارچێوە و سنووری ژانرێكی ئەدەبی دیاریكراودا دەبینێتەوە.




ئێمە لە كۆتاییدا ئەتوانین سەرجەم بۆچوونەكانی پێشوومان، بەمشێوەی لای خوارەوە چڕ بكەینەوە(٢٠):

بێگومان كێشەی زەقكردنەوە لە زمانی ئەدەبدا، یان ئەو پەیوەندییەی زمان هەیەتی لەگەڵ دەق و ژانری ئەدەبیدا، كێشەیەكی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، هێشتاش نەتوانراوە وەك پێویست ئەو زمانەی كە بەشێوەیەكی ڕەها پێوەندییەتی هەبێ، پێناسە و دەستنیشان بكرێ، ئەو شتەی (زمانی ئاسایی) پێدەگوترێ، دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی و دەروونییە. دیارە ئەم ئاساییبوونە، لە كۆمەڵ و تاكەكەسە جۆراوجۆرو جیاجیاكاندا پێوانە و كێشانەی تایبەت بەخۆی هەیە. بە وتەیەكی تر، ئەو هۆكارگەلە كەلتوورییەی كە لە كۆمەڵگایەكدا دەبنە هۆی ئەوەی بە زمانێك بگوترێ زمانێكی ئاساییە، ڕەنگە لە كۆمەڵگایەكی تردا، ئەو جۆرە زمانە بە نائاسایی و زەقكرتو بێتە ئەژمار. هەربۆیە زمانناسان هێشتاش لەسەر ئەم باس و خواسانە كێشەیانە.

بە بڕوای (گ.ن. لیچ) "زمانی ئەدەبی لە چاو جۆرەكانی تری بەكارهێنانی زمان، پڕ پێچ و پەناترە، گەڕانەوەی بۆ سەبەخۆیەتی و تایبەتمەندی خودكارییەتی كەمی تیا دەبینرێ". دیارە زمان لەیەكەم ڕوانیدا و لە بەرفراوانترن شێوەی بەكارهێنانیدا، وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی پێوەندی چاوی لێدەكرێ. پێویست بە پێداگریش ناكا ئەگەر بڵێین: ئەم ئەركە یەكەمین و سەرەكیترین ئەركی زمانە. لەهەر پرۆسەیەكی پەیوەندیدا، پەیامێك لەلای بنێرەوە بۆ وەرگر دەنێردرێ. ئەم پەیامە بەیارمەتی كۆمەڵێك واژە، كە لەسەر تەوەری هاونیشینین، ڕادەگوێزرێ، بۆیە جۆرێك لە پێوەندی خۆبەخۆیی لەنێوان زمانی دەق و پەیامی دەق و ئەو هێما و سیمبولانەدا دێتە ئاراوە، كە وەرگر

یـان خوێنـەری دەق لای خۆیـەوە شـرۆڤەو شـیکارییان بـۆ دەکـات. ڕاسـتە نووسـەر دوای کـردەی نووسین مانایەکی بەخشیوە، بەڵام چەندین مانای شاراوە لەنێو دەقدا هەن، کە خوێنـەر و ڕاڤەکار بەدوایانـدا دەگـەڕێن و بـەهۆی کـردەی خوێندنـەوەو ڕاڤـەوە دەیاندۆزێتـەوە، مامەڵـەکردنی خوێنـەر لەگەڵ کاری ئەیدەبی و هونەری، بۆ دۆزینەوەو گەڕانە بەدوای جوانییەکی دیکەی جگە لـەوەی کـە هەسـت و بەجوانییەکـەی لـەنێو دەقـدا دەکـا(٢١). ئـەم هەسـتکردنەش تـەنها لەڕێگـەی بـەکاربردنی تەندروستانەی زمانەوە دەبێت، کە پێویستە نووسەر بزانـێ چۆن و بـەچ شـێوەیەك مامەڵـەی لەگـەڵ دەکات، هەروەك (گادامێر) دەڵێ: "جوانی سروشتی، کەمتر لەگەڵمان دەدوێ، بەتایبەتی بە بەراورد لەگەڵ جوانیی هونەری، کە مرۆڤ خوڵقاندوویەتی"(٢٢)، دیارە هێزی ئـەم خوڵقاندنـەش، کـە نووسـەر هەیـەتی، لـە زمانـەوە سەرچـاوەی دەگـرێ، کـە هـەموو پەیوەندییـەکانی خـۆی لەگـەڵ بەرهەمەکـەدا دروست دەکات و لەسەر ئەو بنەمایەش بنیاتی دەنێت.

## زمان لە نیوان ڕۆمانی کۆن و نویدا

هەڵبەت زمان سەرەکیترین یەکەیە لە پێکهاتـەی هـەموو دەقێکـی ئەدەبیـدا ، چونکە زمـان ئـەو کەناڵەیـە ، کـە خـاوەن دەق لەڕێگەیـەوە پـەیامی دەق ئاراسـتەی وەرگـر دەکـات ، بـەوەش پـردی پەیوەنـدی لـەنێوان نووسـەرو خوێنـەردا دروسـت دەبێـت . دیـارە زمـان لـە هـەر ژانرێکـی ئەدەبیـدا (شیعر ،چیرۆك ، پەخشان ، ڕۆمـان ...) بەپێی جیاوازی لـە پێکهاتـەو بونیـادی ئـەو ژانـرەدا دەوری خۆی دەگێڕێت و کاریگەریی دەبێت لـە چۆنێتی ئاراستەکردنی پەیامـدا ، هـەروەك ڕەنگدانەوەشـی هەیە لەسەر باری دەروونی خوێنەر ، واتا چۆنێتی بەر کەڵکخستنی زمان لەلایەن نووسـەرەوە لـەناو دەقـدا ، وەقعـی تایبـەتی دەبێـت لای خوێنـەر ، چـونکە پرۆسـەی خوێندنـەوەش خـۆی لەخوێـدا بەشـداریکردنە لـە پرۆسـەی نووسـینەوەدا ، ئەمـەش بـەپیی تێڕوانینـی بـارت [٢٣] ، کـە دەقـی دابەشکردووتە سەر دەقی خوێنەرانەو دەقی نووسەرانەدا ، دیارە لەهەریـەك لـەو جـۆرە دەقانـەش ،زمان ڕەنگرێژی پێکهاتە سەرەکییەکەیەتی . هەر لەڕێگـەی زمانیشـەوە کـردەی وەسـف و گێڕانـەوە ساز دەکرێت ،وەك : وەسفی کەسایەتی ،وەسفی شوێن و ڕووداو ، یان گێڕانـەوەی بەسـەرهات و قـەوماوەکان . لـەبارەی ڕۆمانـەوە وتـراوە : (ڕۆمـان تورەکەیـەکی فـوودراوە هـەموو شـتێك لـەخۆ دەگرێت ) [٢٤] ، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە ، کە ڕۆمـان توانـای ئـەوەی هەیـە هـەموو جـۆرە ململانـی و ڕووداو و کاریگەرییـەك لـە هـەناوی خوێدا کـۆ بکاتـەوە ، کـە بـەناخی مێشك و دەروونـی نووسـەردا گـوزەر دەکـات و دەبنـە مایـەی بەرهـەمێنان و داڕشـتنی دەقی ڕۆمـان ، بـە شـێوازێك ، کـە سـەرنجی خوێنەر و وزەو توانای خوێندنەوەی بەلای خوێدا ڕاکێشـی و بتـوانی لـە مەبەسـت و واتـاو نـاوەڕۆك بگات و لە هێڵی فەلسەفی ڕۆمانەکە شارەزابێت ، هەموو ئەمانەش لەڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێن . ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ، کە پرسی زمان لەنێوان ڕۆمانی کۆن و نوێدا ، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە تاکو ئێستا وەك پێویست لـە ڕەخنـەی ئـەدەبی کوردیـدا لای لێ نەکراوەتـەوەو قسـەی لەبارەوە نەکراوە ، هەڵبەت بەپێی سەردەمە جیاوازەکان ، گۆڕانکاری بەسـەر چۆنێتی بـەکارهێنانی زمان لە ڕۆماندا هاتووەو دێت ، چونکە هەر سەردەمەوە خاوەنی تایبەتمەندی و جیاوکی خۆیـەتی

، كە لەسەردەمی پێش خۆی جیای دەکاتەوە ، ئەمەش لە ڕۆماندا ڕەنگدانەوەی دەبێت ، چونکە هەموو دەقی ڕۆمانێك زادەی ئەو سەردەمەیە ، کە تێیدا بەرهەم دەهێنرێت ، لێرەشەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، کە پرسی زمان لە رۆمانی کۆن و نوێدا ، بابەتێکە لەو خاڵانەدا چڕ دەبێتەوە ، کە دەکەوێتە نێوان هەردوو سەردەمی کۆن و نوێوە ، چ لە ڕووی شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی تاکەکان و چ لە ڕووی فەلسەفەو ئایدۆلۆژیاوە ،

کە دیارە لە کۆندا ئایدۆلۆجیا مۆرکێکی زاڵی زمانی ڕۆمان بووە ، بەڵام لە ئیستەدا ئەو بارە نەماوەو زیاتر بەلای زمانێکی تاکەکەسیدا شکاوەتەوەو ، چونکە زمانی ئایدۆلۆجی بە پلەی یەکەم خەمی کۆمەڵ پێش خەمی تاکەکەسی دەخات . لەلایەکی ترەوە لە ڕۆمانی نوێدا ، زمان زیاتر بارگاوییە بارگاوییە بەشیعرییەت ، واتە ڕۆمانی نوێ خاوەنی زمانێکی شیعرییە ، زمانی شیعرییش پتر کار لەسەر ئاستی سیمۆلۆژی دەکات و دەلالەتی جیاواز بە واتای وشەکان دەبەخشێت ، بەمەش خوێنەر هەست بەوە دەکات ، لە بەردەم دەقێکی کراوەدایە ، واتا دەقێك ، کە سەرەتاو کۆتایی نییە ، بەڵام لە ڕۆمانی کۆندا ، چونکە دەق پابەندی بونیادی کلاسیکی خۆیەتی ، وەك سەرەتاو گرێ و کۆتایی ، بۆیە دەبینین زمان زیاتر لەژێر کاریگەریی گواستنەوەی واتای فەرهەنگی وشەکاندایە ، واتا هەر دالێك هەڵگری هەمان مەدلولی خۆیەتی ،کە خوێنەر پێی ئاشنایە ، بەمەش پرۆسەی خوێندنەوە لە چوارچێوەیەکی ئاساییدا بەڕێوە دەچێت و خوێنەر ناتوانێت بەشداریی لە نووسینەوەی دەقدا بکات کەواتە وشەکانی زمان لە ڕۆمانی نوێدا ، هەر بەتەنها بریتی نین لە کۆمەڵە ڕەمز و نیشانەیەکی ئەبستراکت (مجرد) و بیلایەن ، بەڵکو هەر تاکە وشەیەك لە هەناوی خۆیدا ، هەڵگری کۆمەڵێك مەغزای مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کەلتورییە و درێژکاوەی شێوازو ناو کۆیی (سیاق) ە کانی ڕستەیە ، بۆیە ڕۆماننووسی نوێخواز ، زۆر گرنگی بە ئاستە ئیقاعی و زمانەوانییە جۆراوجۆرەکان دەدات و لە خەمی گواستنەوەی ئیستاتیکای زماندایە بۆ نێو دەقی ڕۆمانەکەی ، بەپێچەوانەی کاری ڕۆماننووسی کۆنەوە ، کە زیاتر هەوڵی ئەوە دەدات ، بتوانێت لە ڕێگەی زمانێکی تاکڕەهەندەوە ، کۆی ڕووداو و قەوماوەکانی بگوازێتەوە بۆ خوێنەر ، واتە لە ڕۆمانی کۆندا ، زمانی یەکلایەنە و تاکڕەهەند ، زمانی زاڵ و باڵا دەستە .ئەمە و زمان لە ڕۆمانی کۆندا پوختە کردنی واتایە ، کە بنەمایەکی جێگیری هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆمان ، واتا گرنگی نادات بە قوڵبوونەوەی مانا ، بۆیە زیاتر ئەو وشانە بەکار دەهێنێت ، کە سواون ، ئەمەش پرۆسەیەکە ڕۆمانی تێدا لە قالب دەدرێت ، چونکە خوێنەر نائومێد دەکات لە ڕێی بابەت و مەبەست و ئامانجەوە ، بەلأم لە ڕۆمانی نوێدا ، زمان دەچێتە ئاستێکی باڵاترەوە ، لە ڕووی واتاوە ، بەو مانایەی لە ڕێگەی خودی زمان خۆیەوە ڕاڤەی زمان دەکرێت ، بەمەش دەوترێت (میتازمان) هەر بۆیە زۆرجار بە ڕۆمانی نوێیش دەوترێت (میتا ڕۆمان) . سەرباری هەموو ئەمانەش ، ئەتوانین بڵێین :زمان لە ڕۆمانی نوێدا لە سەر هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی بەڕێوە دەچێت ، یان گرنکی بەو دوو ئاستە دەدرێت ، کەچی لە ڕۆمانی کۆندا ، تەنها لایەنی ئاسۆیی مەبەستە و بەهۆی تیمەی دەقەوە ، نووسەر ناتوانێت یان کەمتر توخنی ئاستی ستوونی زمان دەکەوێت ، زمانی

وەسف و گێڕانەوە و زمانی دایەلۆگ لە ڕۆمانی کۆندا ، لە جۆغزێکی سادە و ئاساییدا بەرهەم دێت ، لە کاتێکدا ئەو لایەنانە لە ڕۆمانی نوێدا چەشنێکی هونەری تریان پێوە دیارە . بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمانی کۆن گرنگی بەم شێوازانەی زمان دەدات لە پێکهاتەی خۆیدا : زمانی ئاسایی ، پاراوە ، زمانی درامی ، بەڵام ڕۆمانی نوێ زمان تێیدا بە پلەی یەکەم ، زمانێکی شیعرییە و هەروەها زمانی سینەماییش گرنگی خۆی هەیە بەدەر لەوەش زمانی |(ژوورەکانی چات) یش یەکێکە لە تەکنیکە تازەکانی زمان ، لە ڕۆمانی نوێدا شایەنی باسە لە ناو ڕۆماننووسانی کورددا (بەختیار عەلی) یەکێکە لەو ڕۆماننووسە بەرچاوانەی کە لە نووسینەوەی دەقی ڕۆمانەکانیدا زمانێکی شیعری باڵا بەکار دەهێنێت ، بە تایبەتی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکاندا) ، کە بە شێوەیەکی ئێجگار ڕوون زمانێکی میتافۆڕی بەکارهێناوە و بەمەش سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت . هەروەها (هیوا قادر) و (جەبار جەمال غەریب) یش لە ڕۆمانی (منداڵێك لە سەر مانگ) و (نووسین لە سەر باران) ، زمانی شیعرییان بەکارهێناوە .

## زمان و کاریگەری لەسەر ڕۆمانی کوردی و بەرەو پێشبردنی

ئاشکرایە رۆمان بوونێکی زمانییە ، ئەگەر تەنها لەسەر ئەو وتەیە بووەستین هەموو شتێکمان بۆ دەستەبەر دەبێت لەبارەی گرنگی زمانەوە ، لەبەرئەوەی رۆمان ژانرێکی گرنگی ئەدەبە بەتایبەتی پەخشان ، ئەدەب و پەخشان و شعریش سەرلەبەریان لە رێگای زمانەوە دەنووسرێنەوە و دەوترێنەوە . گرنگی زمانیش لای رۆمان نووسەکان و لێکۆلەران و رەخنەگران دابەشبووە بەسەر دوو بەش و بەرەدا ، بەشی یەکەم یان لایەنی یەکەم ئەڵێن لەبەرئەوەی رۆمان کیانێکی زمانییە پێویستە بایەخ بە رەوانی و جوانی و کاریگەری زمان بدرێت و لەرێگای زمانەوە یاری بە وشە بکرێت و وێنەی هونەری و خەیاڵی جوان دروست بکرێت .

لایەنی دووەمیش کۆکن لەسەر ئەوەی نکۆڵی لەگرنگی زمان ناکرێت لە رۆماندا بەڵام ئەوەی گرنگتر و بەرچاوترو وروژێنەر ترە ئەو ناوەرۆك و بیر و گرێیانەیە کەلە رۆماندا تەرح دەکرێ بۆ ئێمەی لێکۆلەر ئەوە گرنگە کە هەردوو راوبۆچوونەکە لەبەرچاو بگیرێ ، بەڵام بەهۆی ئەوەی باسەکەی ئێمە پەیوەستە بە زمانەوە جێی ئاماژەیە کە لە لێکۆڵینەوە نوێیەکاندا کۆمەڵێ تەکنیکی زمانی بەرچاو بەرباس دەدرێت لەوانە دیالۆك و مەنەلۆك و فلاش باگ و پلۆت و گەلێکی تر . دواجاریش بۆ سەرکەوتن و دیاری و گەورەیی گەلێك هۆکاری سەرەکی هەن بۆ رۆمان لەوانەش کە بەپێی کات و سەردەم دەگۆرێت هەروەها فۆرم کەلەزماندا کۆ دەبێتەوە . لە مێژووی رۆمانی کوردیدا زمان شانبەشانی ناوەرۆکی رۆمانەکان رۆیشتووە بە لەبەرچاوگرتنی کشانەوەی لە هەنێ شوێن و هەڵکشانی لەهەندێ کات و سەردەمی تردا و هەرسەردەمەش رۆمان و چیرۆکی تایبەت بەخۆی هەبووە . ئەگەر ئاماژە بەهەردوو کورتەرۆمانی (لەخەوما) ی جەمیل سائیب و (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختارجاف بدەین ، هەرچەندە هەنێك لە راوبۆچوون هەیە کە بە چیرۆکبێژیان ناوزەند

دەکەن و هەندێکیش لە رەخنەی رماندا دایدەنێن دەبینین بە زمانێکی سادە و تێکەڵ بە زمانی عەرەبی نوسراونەتەوە ، ئەوەی گرنگی بەم دوو رۆمانە دەبەخشێت ناوەرۆکە نەك زمان چونکە ناوەرۆکەکانیان پڕبووە لە رەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و باسکردن لە جیاوازی چینایەتی ، دوای ئەو قۆناغە دوو رۆمانی دیاری تر دەبینین لەساڵانی (٥٠و٦٠)ەکاندا ئەوانیش ( ژانی گەل )ی ابراهیم احمد و (پێشمەرگە)ی رەحیمی قازی بوون ، ئەم دوو رۆمانە زیاتر پاراوی روونی و بایەخدان بە زمان و وشەی پەتی کوردی دراوە ، بەڵام هێشتا لەو سەردەمەشدا بەهۆی باری سیاسی نالەباری ئەوکاتەی کوردەوە لە کوردستانی عێراق و ئێراندا دەبینین بابەتی بیر و نەتەوایەتی زاڵبووە . دوای ئەو قۆناغەش رۆمانی کوردی لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەلێك رۆمانی بەخۆوە بینی لە ساڵانی هەشتاکاندا بە تایبەتی دەبینین رۆمانەکان بایەخێکی زۆریان بە تەکنیکە زمانییەکان دەدا وەك دیالۆگ و فلاش باگ هەروەها دۆزینەوەو گەڕان بەدوای وشەپەتی و رەسەنەکاندا ، ئەمەش لەوکاتەدا دەبینرا لەدوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کە زمانی کوردی وەك دووەم زمان لە عێراقدا دانی پێدانرا . نموونەی ئەو رۆمانانەش رۆمانەکانی حسێن عارف و عەزیزی مەلارەش و خوسرەوجاف و محمد موکری و زۆری تر . ئەوەی ماوەتەوە زمانی رۆمانی دوای راپەرینە تاوەکو ئێستا ، هەرچەندە هەر زۆربەی رۆمانووسەکانی (٧٠و٨٠)کان بوون لەگەڵ زیادبوونی کۆمەڵێك رۆمانووسی تر ، بەڵام ئەوەی هەیە لەم سەردەمەدا زمانی رۆمان بەهۆی شارەزایی رۆمانووسەکان لە زمانانی تری ناوچەکە و جیهان و خوێندنەوەی رۆمانە بەناوبانگەکانی جیهانی وەك رۆمانەکانی دستۆفسکی و ئێرنست و هەمەنگوای ومارکیز و ساراماگۆ و ئیتالۆکالڤینۆ و زۆری تر ، لەوانەش هونەری فرەدەگی ( poly phony) بەتایبەتی لە رۆمانەکانی بەختیار عەلی و شێرزادحەسەن و جەبار جەمال غەریب و تا کۆتایی .

## پەراویزەکان

[1] بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەری کوردیدا (١٩٨٥ – ٢٠٠٥) لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پراکتیکی شێوازگەرییە، د.ئازاد ئەحمەد مەحمود، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٨.

[2] بژارکردنی زمانی شیعری کوردی: رێبین خەلیل قادر، گۆڤاری رامان، ژمارە (١٢١)، ٢٠٠٧/٦/٥، ل٥٨

[3] زمان و دەقی ئەدەبی: د.هیمداد حوسێن، گۆڤاری رامان، ژمارە (١٣٢)، ٢٠٠٨/٤/٥، ل١٦٠

[4] بژارکردنی زمانی شیعری کوردی: ریبین خەلیل قادر، ل٥٨

[5] خوێندنەوە و راڤە (کۆمەڵە وتار): عومەر میراودەلی، ل٣٥.

[6] پێکهاتەی دەق و زمانی: عومەر محەمەدی، گۆڤاری رامان، ژمارە (١١٧)، ٢٠٠٧/٣/٥، ل١١٠

[7] زمان و دەقی ئەدەبی: د.هیمداد حوسێن، ل١٦٠

[8] شەڕی زمان لەپێناو تەئویلکردنی دەقدا: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکرنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٣١

[9] خویندنەوە و راڤە (کۆمەلە وتار): عومەر میراودەلی، ل٣٦.

(١٠) دەنگی بلورینی دەق (ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی): عەبدولخالیق یەعقوبی، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپو بلاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٥

(١١) دەروانریتە: {دەنگی بلورینی دەق (رەخنەو لیکۆلینەوەی ئەدەبی): عەبدولخالیق یەعقوبی، ل١٥ – ١٦}.

(١٢) بنیاتە رووکەشەکان و کیشەی بەدەقبوون: نەجات حەمید ئەحمەد، گۆڤاری رامان، www.raman-media.net

(١٣) دەروانریتە: {بنیاتە رووکەشەکان و کیشەی بەدەقبوون: نەجات حەمید ئەحمەد، گۆڤاری رامان، www.raman-media.net).

(١٤) ئەدەب و رەخنەی نوی (سەرەتایەك بۆ رەخنەی ئەكادیمی): لوقمان رەئوف، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلیمانی، ٢٠١١، ل٢٣٨.

(١٥) زمان و دەقی ئەدەبی: د.هیمداد حوسێن، ل١٦٠

(١٦) بنیاتە ڕووکەشەکان و کێشەی بەدەقبوون: نەجات حەمەدی ئەحمەد، گۆڤاری ڕامان: www.raman-media.net

(١٧) دەروانریتە: {زمان و دەقی ئەدەبی: د.هیمداد حوسین، گۆڤاری رامان، ژمارە (١٣١)، ٥/٤/٢٠٠٨، ل١٦٠}.

(١٨) دەنگی بلورینی دەق (رەخنەو لیکۆلینەوەی ئەدەبی): عەبدولخالیق یەعقوبی، ل١٧

(١٩) دەنگی بلورینی دەق (رەخنەو لیکۆلینەوەی ئەدەبی): عەبدولخالیق یەعقوبی، ل١٧ – ٢٠.

(٢٠) دەروانریتە: دەنگی بلورینی دەق (رەخنەو لیکۆلینەوەی ئەدەبی): عەبدولخالیق یەعقوبی، ل٢١ – ٢٣.

(٢١) خویندنەوەو راڤە (کۆمەلەوتار): عومەر میراودەلی، ل٣٦ – ٣٧.

(٢٢) هەمان سەرچاوە: ل٣٧.

(٢٣) دە روانریتە : توژینەوەی تیوری ئەدەبی, راجیر ویبستیر , وەرگیرانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدولخالیق یەعقوبی, دەزگای تویژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی , چاپی یەکەم, چاپخانەی خانی, دهوك , ٢٠٠٦

(٢٤) بنەماکانی پیکهاتەی رومان لەنیوان تازەگەری و لاساییکردنەوەدا , عەلی لفتە سەعید, ومحەمەد کەساس, گوڤاری رامان, مالپەری رامان.

## سەرچاوەکان


◆ یەکەم/ کتیب:

(١) ئەدەب و ڕەخنەی نویٚ (سەرەتایەك بۆ ڕەخنەی ئەكادیمی): لوقمان ڕەئوف، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١.

(٢) بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەری کوردیدا (١٩٨٥ – ٢٠٠٥) لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پراکتیکی شێوازگەرییە، د.ئازاد ئەحمەد مەحمود، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.

(٣) دەنگی بلورینی دەق (ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی): عەبدولخالیق یەعقوبی، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپو بلاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٥.

(٤) شەڕی زمان لەپێناو تەئویلکردنی دەقدا: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، لەبلاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپو بلاوکرنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٠.

◆ دووەم/ گۆڤار:

(١) بژارکردنی زمانی شیعری کوردی: ڕێبین خەلیل قادر، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢١)، ٥/٦/٢٠٠٧.

(٢) پێکهاتەی دەق و زمانی: عومەر محەمەدی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١١٧)، ٥/٣/٢٠٠٧.

(٣) زمان و دەقی ئەدەبی: د.هیمداد حوسێن، گۆڤاری ڕامان، ژماره (١٣٢)، ٢٠٠٨/٤/٥.

- سییەم/ ئینتەرنێت:

(١) بنیاتە رووکەشەکان و کیشەی بەدەقبوون: نەجات حەمید ئەحمەد، گۆڤاری رامان، www.raman-media.net

## ملخص البحث باللغة العربية:

## علاقة اللغة مع النص وانواع الادبية

يرى الكثير من المختصين في المجال اللغوي إن المتكلم يحتاج إلى ضربين من المعرفة الأول معرفة عقلية تتكون عنده من دراسة نظام اللغة والإطلاع على قوانينها والثاني معرفة حسية أو ذوقية تتربى في نفسه من مراقبة الاستعمالات الفصيحة ومعاودة النظر فيها وهذا يعني أن ثقافة الأديب اللغوية يجب أن تتشكل في لغة النص من حيث ملاءمته للمعنى المراد تقديمه والنظر في معنى المفردة ومناسبتها للمفردات الأخرى لأن النصوص الإبداعية تعتمد على الطريقة التعبيرية والتي تختلف من شخص لأخر وهنا تبرز الموهبة الفنية في الظفر بالجانب الإبداعي والجمالي للنص الأدبي فالأدب أعادة تشكيل دائمة للغة ومحاولة لإظهارها بشكل متجانس يعتمد على الاختيار والموقعية فهما سر أي أسلوب أدبي رفيع فالرفعة والعظمة يجب أن تقرن إلى بلاغة التعبير وسمو الاختيار ولا يمكن لها التوقف عند حد المهارة والتوظيف بل لابد من أن تستدرك حقائق الأمور فتربط كل ما في الحياة بقيمها العليا مع المحافظة على المحسنات اللفظية التي تهذب النتاج وتعرضه بصورة جميلة ولذلك أجمع العديد من المختصين أن للغة اثراً بارزا وواضحاً ًبنائية ورصانة ً النص الأدبي وجماليته .

## Relationship with text language and literary types

Most language philosophers indicate that the speaker of any language needs two kinds of knowledge. The first one is called the cognitive knowledge, which the speaker acquires through studying and observing the rules of language. The second is called the sensational knowledge that grows inside him through using formal expressions.
This means that the background of the man of letters should be constructed through the language of discourse that confirms the intended meanings, and discovering the meaning of each word in addition, and its conformity with other words. Since the creative discourse depends on the expressive abilities that differs from one person to another. In literature we always try to reshape language to introduce it in a coherent form.